# جیهان له ساڵی 2005دا

**بەهرام رەحمانی**

له ساڵی ڕابردو لەژێر تیشکی به جیهانی بوون و سەروەری سەرمایە، بێ بەشییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زیادی کرد، ژمارەی بێکارەکانی جیهان چووه سەرێ، ژێر دەستەبوونی ژنان درێژەی کێشا و ژمارەی منداڵانی کار چووه سەرێ. سەرەڕای ئەوەیکه دەکرا به به کاری هێنانی کەل و پەلی ئاسایشی کار، تا ڕادەیەکی زۆر مردنی کرێکاران له شوێنی کار بهاتبایه خوارێ، ڕووداوی شوێنی کار قوربانی زیاتری له کرێکاران گرت. شەڕ و سیاسەتی داگیرکەرانەی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی له ئەفغانستان و عێراق له لایەك و کەڵك وەرگرتن تاقمه تێرۆریسییه ئیسلامی و عەشیرەییەکان له بارودۆخەکه له لایەکی‌تر، قوربانی زۆری له خەڵکی ئەو وڵاتانه گرت. دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستی ئیسرائیل، درێژەی به داگیر کردنی فەلەستین و سەرکوت و کوشت و بڕی خەڵکی ئەو سەرزەوییەدا و.....

گۆی زەوی بەهۆی شەڕەکانی، تاقی کردنەوەکان و زبڵه ئونۆمییەکان، به کار هێنانی چەکه کۆکوژ و شیمیاییەکان، دوکەڵهەڵکێشی کارخانەکان، سوختی وەسیله کۆنەکان هات وچۆ و ڕووداوی به ئیتلاح سروشتی، وەکوو دێوێك دەیان هەزار ئینسانی بردە گەروی خۆیەوە و ژینگه و ژیانی بەشەر و باقی بوونەوەرە زیندووەکانی کاول کرد.

باسکردنی هەموو ڕووداوە ئابووری، سیاسی، نیزامی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی جیهان لەو مەجالەدا ناگونجێ، چوونکه ڕووداوە تاڵەکانی جیهان ئەوەندە زۆر و بەربڵاوە کە ڕووداوە شیرین و دەستکەوتەکانی بەشەر لەبەرامبەریدا دیار نییه. بەو پێیه ئەو شتەی کە لە خواغرەوە دەیبینن، تەنیا چاوخشاندنێکی کورت بەسەر گرینگترین ڕووداوەکانی جیهانه:

<u>ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار:</u>

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار ڕۆژی جومعه 9ی دێسامبر له ڕاپۆرتێك دا ڕایگەیاند که سەرەڕای چوونه سەرێی ئابووری جیهان، به جیهانیبوون، هەژاری کەم نەکردۆتەوە و یارمەتی به دروست کردنی پیشەی تازەی و باشتر نەکردووە. خوان سوماویا، دەبیری گشتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی‌کار له ڕاپۆرتەکەی خۆیدا ڕایگەیاند: "پەیامی گرینگی ئەو ڕاپۆرته ئەوەیکه تا ئێستا دروستکردنی پیشه و داهاتی باش بۆ کرێکارانی جیهان له سەرووی داڕشتنه سیاسییەکاندا نەبووە". ئەو ڕاپۆرته که وەکوو "له حاڵی حازر نیوێك له کرێکارانی جیهان ئەوندەیان داهات نییه که خۆیان و بنەماڵەکانیان له هێڵی هەژاری که داهاتێکی نزیك به 2 دولار له ڕۆژدایە، ببنه سەرێ ..... هەروەها ژمارەی ئەو ژن و پیاوانەی که به داهاتێکی کەمتر له 2 دولار له ڕۆژدا دەژین له دەیەی ڕابردوودا کەم نەبۆتەوە".

کۆنفڕانسی ڕێبەرانی "جی‌هەشت": له کۆنفڕانسی سەرانی 8 وڵات له دوایین ڕۆژەکانی مانگی ئۆکتۆبری 2005 که له 7 وڵاتی سەنعەتی و بەهێز و وڵاتانی ڕوسییەیه، وترا که "بوونی هەژاری له "جیهانی سێهەم"دا پەڵەیەکه لەسەر ویژدانی بەخەبەری جیهان".

ئەو کۆنفڕانسه به شێوەیەکی ڕەسمی بۆ خەبات لەدژی هەژاری نێودێر کرا. گرفتی هەژاری له جیهانی سێهەمدا وەها چۆته سەرێ که له ڕۆژدا نزیکەی 30 هەزار ئینسان دەباته گەروی مەرگەوە. له گرینگترین

هۆکارەکانی هەژاری، لە سەرەوەبوونی قەرزی ئەو وڵاتانەیە. ئەو قەرزانەی کە گوشارەکەی لە ئەستۆی شارۆمەندانە. لە نێوان ساڵەکانی 1982 و 2004، قەرزی وڵاتە هەژارەکانی جیهانی سێهەم، لە 700 میلیارد دولارەوە بۆ 2/53 تریلیۆن دولار بەرز بۆتەوە.

ئەو هەژدرییە بە ئاسانی دەکرا چارەسەر بکرێت. دەوڵەتی ئامریکا هەر ساڵەی 400 میلیارد دۆلار بۆ تەسلیحاتی نیزامی خەرج دەکات. بە 324 میلیاردی ئەو برە پووڵە دەکرا قەرزی ئەو وڵاتانەی کە وەزعیان لە چاو ئەوانیتر خراپترە، بدریتەوە. خەرجی نیزامی دەوڵەتی ئامریکا لە ساڵدا نزیکەی 50 میلیارد دۆلارە. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تەخمینی لێداوە کە بەو برە پووڵە دەکرا لە رێگای بەرنامەیەك بۆ گەشەپێدانی لە سەرتاسەری جیهان، دەستپێڕاگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە، بارهێنانی پایەیی بۆ هەمووان، پێشگرتنەکانی بێهداشت و سلامەتی، غەزا، دامەزراوەکانی یارمەتیگەیاندنی وەك بیمارستان و دەرانگا، فازڵاو بۆ پێشگیری لە نەخۆشییە واگیرەکان و بەتاڵکردنی ئاوە پیسەکان و ئەشغاڵ و .... ئەنجام درابایە.

کۆنفڕانسی جیهەشت هیچکام لەو خواستانەی جێبەجێ نەکرد و هیچکام بە شێوەیەکی قایم خەبات لەدژی هەژاری لە جیهانی سێهەم ئەنجام نەدرا.

وڵاتانی "جی8" یان کۆنفڕانسی رێبەرانی 8 وڵاتی سەنعەتی جیهان، یانی ئەو وڵاتانەی کە لە تەواوی جیهان دەخاڵەتی ئابووری، سیاسی و نیزامییان هەیە و هۆکاری زۆرێك لە گەشەسەندنەکان و پەرەگرتنەکانی هەژاری و ڕوژڕەشی ئابووری و چەکدارکردن و ئاموزشدانی ئەرتەشەکان و پۆلیسەکانی جیهان و هۆکاری شەڕ و لەشکرکێشیەکانی جیهانن، لە هەر بارودۆخێك دا بیر لە ئینسان ناکەنەوە، بەڵکوو تەنیا لەبیری بەرژەوەندی و قازانجی سیاسی و ئابووری خۆیاندان.

## خەرجی نیزامی وڵاتانی جیهان:

دامەزراوەی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوەکانی ئاشتی لە سوێد بە بڵاوکردنەوەی راپۆرتێك لە سەرەتاکانی مانگی ژۆیەنی 2005 سەبارەت بە خەرجی نیزامی وڵاتانی جیهان لەساڵی 2004دا، رێژەی ئەو خەرجانەی بە زیاتر لە هەر ساڵێکیتر لە کاتی شەڕی ساردەوە تەخمین لێداوە کە لە ڕوانگەی نرخی راستەقینە و بە حیسابکردنی نرخی ئاوسان، تەنیا هەندێك کەمتر لە سەرەوەترین رەقەمی ئەم 20 ساڵەی دواییە. خەرجی نیزامییەکان لە ساڵی 2004 ، زیاتر لە 6 لەسەد چۆتە سەرێ کە لەگەڵ نرخی چوونەسەرێی ئەو لە 2 ساڵ بەر لەو، یانی لە دوای هێرشە ئێنتحارییەکانی 11ی سێپتامبر لە ئامریکا، جیاوازییەکی ئەوتووی نییە. یەکێك لە هۆکارەکانی چوونەسەرێی خەرجی ئەرتەشەکانی جیهانی لە ساڵی 2004، چوونەسەرێی خەرجە نیزامییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەپێی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە لە "خەبات لە دژی تێرۆریسم" باسکراوە. بەشی خەرجی نیزامی ئامریکا لە کۆی هەر کامیك بە 5 لەسەد دەکات. دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوین بەردەوام لە کڕیارە سەرەکییەکانی تەسلیحاتن و خەرجە نیزامییەکانیان دەبەنە سەرێ، هەر چەند کە رەوتی چوونە سەرێی خەرجە نیزامییەکانی باقی وڵاتەکانی جیهانیش بەرچاو دەکەوێت.

بارودۆخی منداڵان: بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان، هەر ئێستا یەك میلیارد منداڵ لە جیهانی ئێمە لە ژێر هێڵی هەژارییەوە لەگەڵ برسیەتی دەست و پەنجە نەرم دەکەن. 250میلیۆن لەو ژمارەیە بە ناچار کاری سەخت و تاقەت پڕوکێن دەکەن. 120 میلیۆن منداڵ دەستیان بە مەدرەسە راناگات و 150 میلیۆنیش لە برسیەتی دا

دەژین.... لە باکوری نیجێرییە، هیشتا کچان زیندوو بە گۆڕ دەکەن. لە عێراق هەر رۆژە دەیان منداڵ بەهۆی تەقینەوەی بۆمب گیانیان لەدەست دەدەن.

ئاژانسی هێزی ئینسانی رێکخراوەی نەتەوەکان بە دەرکردنی بەیانێك هەواڵی کار کردنی یەك میلیۆن منداڵی لە مەعدەنەکانی جیهان داوە. لەو بەیانەدا هاتووە: "یەك میلیۆن منداڵ لەسەرتاسەری جیهان بۆ یارمەتتیکردنی ژیان و گوزەرانی بنەماڵەکانیان ناچارن لە بارودۆخێکی نالەبار و مەترسیدار لە مەعدەنەکاندا کار بکەن".

لە ئێران، منداڵانی ژێر 6 ساڵ تەمەن، 9 میلیۆن و ژمارەی جەمعییەتی ژێر 18 ساڵ، نزیکەی 27 میلیۆن تەخمینی لێ دەدرێت. ئاماری رەسمی و دروست سەبارەت بە وەزعییەت و بارودۆخی منداڵان لە ئێراندا پێشکەش ناکرێت، بەڵام دەوترێت دەیان هەزار منداڵی خیابانی لەو وڵاتە هەیە و سەدان هەزار مداڵیش بۆ یارمەتیکردنی بنەماڵەکانیان بە ئیجبار ناچار دەکرێن کاری دژوار و مەترسیدار بکەن.

بەپێی راپۆرتی ناوەندی زانیارییەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەژاری و بەسیەتی لە رۆژدا گیانی نزیکەی 30 هەزار منداڵ لە جیهان دەگرێت. بەپێی ئامارەکانی ئەو ناوەندە، زۆرینەی 800 میلیۆن برسی جیهانیش، منداڵانن کە زۆربەیان بە هۆی برسیەتی و کەمبوونی ئیمکاناتی دەرمانی، گیانیان لەدەست دەدەن.

### قوربانییەکانی بازەرگانیکردنی ئینسان:

بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان هەر ساڵە 600 تا 800 هەزار کەس لە سەراسەری جیهان دا دەبنە قوربانی دیاردەی بازەرگانیکردنی ئینسان و توێژینەوەکانی دامەزراوە لێکۆڵەرەوەکان دەرخەری ئەوەن کە منداڵان زیاترین قوربانییەکانی ئەو دیاردەیە لە وڵاتانی ئۆروپای ڕۆژهەڵاتن.

### قوربانییەکانی توندوتیژی بنەماڵەیی:

دەرەنجامەکانی توێژینەوەیەکی نێونەتەوەیی سەبارەت بە توندوتیژی نێو بنەماڵە لەدژی ژنان نیشاندەدات کە یەك لەشەشی ژنان بەدەستی مێرد یان هاوسەری ژیانیان بوونەتە قوربانی.

ریکخراوی بێهداشتی جیهانی لە یەکەمین لێکۆڵینەوەی جیهانی خۆیدا سەبارەت بەو مەسەلەیە بەو ئاکامە گەیشتووە کە لەهەر 18 سانیەدا ژنێك دەکەوێتە بەر توندوتیژی و تەنانەت دووگیانبوونیش ژنان لە توندوتیژیکردنی پیاوان ناپارێزێ.

ئەو لێکۆڵینەوە لە ماوەی 7 ساڵدا ئەنجام دراوە و 24 هەزار ژن لە ئاسیا، ئافریقا، ئۆروپا و ئامریکا لاتین تێیدا بەشدار بوون. ئەو لێکۆڵینەوەیە پێشتر لە ئامریکای باکوور ئەنجامدرابوو. رێکخراوی بێهداشتی جیهانی خوازیاری کردەوەی حێرا لەدژی توندوتیژی نێو بنەماڵە بووە.

هەروەها بەپێی هەواڵنێری فەڕانسە لە زمان ئامارە پێشکەشکراوەکانی کۆبوونەوەی گشتی رێکخراوی دیفاع لە قوربانییەکانی توندوتیژی رێکخراوی نەتەوەکان، لە ساڵدا 500 هەزار ژن بە بیانووی ناموس لە سەراسەری جیهاندا دەکوژرێن. ئەو راپۆرتە لە درێژەدا دەڵێ: "ئاماری شڵەژێن سەبارەت بە توندوتیژی لە دژی ژنان لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش هەیە، بە جۆرێك کە لە ساڵدا تەنیا 300 ژن لە فەڕانسە بەدەستی هاوسەران یان پیاوانیتر دەکوژرێن و ئەو ئامارە لە وڵاتی ئیسپانیاش نزیکەی 100 ژن لە ساڵدایە". لەو راپۆرتەی سەرەوەدا، ئاماری توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئێران، 60 لەسەد راگەیەندراوە و ئاماژە بەوەش کراوە کە 70 لەسەدی ئەو توندوتیژییانە لەلایەن قوربانییەکانیانەوە باس ناکرێت.

قوربانییەکانی نەخۆشی ئێیدز: بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری "ئاسۆ شێیتێرپرێس: و بەپێی ئامارە پێشکەشکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان، لەسەرەتای ساڵی (2005) ەوە تا ئێستا، 3میلیۆن و 200 هەزار کەس لە وڵاتانی ئافریقایی تووش بە نەخۆشی ئێیدز بوون. لە ئافریقا 30میلیۆن ئینسان تووشی نەخۆشی مەرگهێنەری ئێیدز بوون و لە ساڵی ڕابردوودا 3/5 میلیۆن کەس بەهۆی ئێیدزەوە مردوون کە 45 لەسەدیان منداڵ بوون.

## قوربانییەکانی ڕووداوەکانی شوێنیکار:

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانی کار، هەر ڕۆژە 5 هەزار کرێکار بەهۆی ڕووداوی شوێنی کار و یان نەخۆشییەکانی پێوەندیدار بە کار لە جیهاندا گیانیان لەدەست دەدەن. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، مردن بەهۆی روداو و نەخۆشییەکانی پێوەندیدار بە کار لە ساڵدا دەگاتە 2 میلیۆن و 200 هەزار کەس کە لە چاو 3 ساڵی ڕابردوو، 10لەسەد چۆتە سەرێ.

ئەو ڕاپۆرتەی سەرێ ئەوەش زیاد دەکات: "کرێکاران لە ئابوورییە سەنعەتییەکان، لە مەعدەنەکان و لە بەرامبەر مەوادی شیمیایی و مەترسیداردان و لە ساڵدا 440 هەزار کرێکار بەم هۆیە و زیاتر لە 100 هەزار کەرێکاریش بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی‌یەکانی وەك "مالاریا" و کارکردن لەبەرامبەر "ئازبێست"، گیانیان لەدەست دەدەن.

لە کۆتایی ئەو راپۆرتەدا هاتووە کە: "بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، 28 میلیۆن کرێکاریش بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی ئێیدز لە سەراسەری جیهان گیانیان لەدەست داوە".

ئێران وڵاتێکی مەترسیدار بۆ ئیتتحادییە کرێکارییەکان: کۆنفێدراسیۆنی نێونەتەوەیی ئیتتحادییە کرێکارییەکان بۆ یەکەم جار لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیاندا، ئێرانیان وەکوو یەکێك لە مەترسیدارترین وڵاتانی جیهان بۆ ئیتتحادییە کرێکارییەکان نێو برد. بەپێی ڕاپۆرتی ئەو کۆنفێدراسیۆنە، لە وڵاتی کۆلۆمبیا، لەیەك ساڵدا 99 هەڵسووڕاوی کرێکاری کوژران و سەدان کەسی‌تریش هەڕەشەی کوشتنیان لێ کرا. سەبارەت بە ئێران، راپۆرتی کۆنفێدراسیۆن باس لە کوشتنی 4 کەس بە دەستی پۆلیس و گرتنی دەیان کەس و هەروەها هەندێك هێرش بۆ سەرماڵ و ئەشکەنجەکردن ولە پێوەند لەگەڵ خۆپیشاندانە کرێکارییەکان بە ئامانجی سێنفی دەکات.

لەو راپۆرتەدا مەحموودی ساڵحی وەکوو یەکێك لە ڕێبەرانی ئیتتحادییە کرێکارییەکانی ئێران ناساندراوە کە چەند جار لەلایەن بەرپرسانی ڕژیمی ئیسلامییەوە هەڕەشەی لێ کراوە و هاوڕێ لەگەڵ 6 کەسی‌تر لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری، تۆمەتی هاوکاریکردن لەگەڵ حیزبە چەپگەراکانی دراوەتە پاڵ کە لەلایەن دەوڵەتەوە بە نایاسایی دەژمێردرێن......

شایانی باسە کە لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئیسلامی سەقز، حوکمی دەستگیرکراوەکانی یەکی مەی 83ی سەقزی لە ڕێکەوتی 1384/8/21 بە وەکیلەکانی ئەوان ڕاگەیاند. بەپێی ئەو حوکمە، هادی تەنومەند و ئیسماعیل خۆدام تەبەرئە کران و مەحکومبوونی باقی دەستگیر کراوەکانی یەکی مەی 1383ی سەقز بریتین لە:

1- مەحمودی ساڵحی بە "تۆمەتی کۆبوونەوەی نایاسایی" و ئامادە کردنی جەدوەلی خەرجی بنەماڵەیەکی 5 کەسی، بە 5 ساڵ زیندان و 3 ساڵ تەبعید بۆ شارستانی قۆروە مەحکوم کراوە. تۆمەتی‌تری مەحمووی

ساڵحی، قەشویشی بیرورای گشتیـیە کە بۆ دادگای عمومی نێردراوە. ساڵحی لە تۆمەتی لایەنگریکردن لە کۆمەڵە کە پێشتر باسکرابوو، تەبەرئە کراوەز

2- سەید جەلالی حوسێنی بە تۆمەتی "کۆبوونەوەی نایاسایی" بە 3 ساڵ زیندان مەحکوم کراوە. حوسێنیش لە تۆمەتی لایەنگریکردن لە کۆمەڵە تەبەرئە کراوە. مۆحسێنی حەکیمی، محەممەدی عەبدیپور و بورهانی دیوارگەریش هەرکامیان بە 2 ساڵ زیندان مەحکوم کراون.

ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ: کوفی عەنان دەبیری گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پەیامێکدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، 10 دێسامبر، ڕێکەوتی 19ی سەرماوەز خوازیاری ڕێزگرتنی دەوڵەتەکان لە نەهێشتنی ئەشکەنجە بوو. کوفی عەنان لەو پەیامەدا نووسی: 57 ساڵ لە دەرکردنی راگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کە تەواوی جۆرەکانی ئەشکەنجە، هەڵس و کەوتەکان و سزا توندوتیژ و نامرۆڤانەکان مەنع دەکات، تێپەڕ دەبێت، بەڵام هێشتا ئەشکەنجە بەردەوام ئەنجام دەدرێت. ئەو لەسەر ئەوە پێداگری کرد کە: "لەو ڕۆژانەی دوایی‌دا شاهیدی رەوتێکی ئازاردەر، بەتایبەت لەلایەن ئەو وڵاتانەوە بووە کە ئیددیعای ئیستسنا سەبارەت بە نەهێشتنی ئەشکەنجە بە پێی ئاسایشی نیشتمانی خۆیان دەکەن". ئەو ئەوەشی روونکردەوە کە : "ئەشکەنجە هیچکات ئامرازێك بۆ خەبات لەدژی تێرۆریسم نییە، بەڵکوو ئەشکەنجە ئامرازی تێرۆرە...

هیچ دەوڵەتێك نابێ ئەشکەنجە وەکوو ئامرازێکی سێهەم بە کار بێنێ. ئەوە بە مانای ئەوەیە کە، کەسێك کە هەڕەشەی ئەشکەنجەی لەلایەن دەوڵەتێکەوە لێ دەکرێت، نابێ تەحویلی ئەو دەوڵەتە بدرێتەوە."

زیندانییە نهێنییەکانی ئامریکا لە ئۆروپا: دوابەدوای بڵاوبوونەوەی چەند ڕاپۆرتێك لە بوونی زیندانە نهێنی‌یەکانی ئامریکا لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆروپا، یەکییەتی ئۆروپا بەرەسمی خوازیاری وەڵامدانەوەی وڵاتەیەکگرتووەکان لەو بارەیەوە بوو. کۆمۆسیۆنی ئۆروپا هەڕەشەی کردووە کە ئەگەر وڵاتێك لە ئەندامانی یەکییەتی ئۆروپا ئیجازەی کەڵك وەرگرتن لە خاکی خۆی بۆ دروستکردنی زیندانە نهێنییەکان و بە کار هێنانی ئەشکەنجە لەوێدا یاسا نێونەتەوەییەکانی پێشێل کردبێت، مافی دەنگدانی ئەو وڵاتە هەڵدەوەشێنێتەوە. لە لایەکی‌تر "کاندۆلیزا رایس" وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا لە سەفەری ئەم دواییانەی خۆی بۆ ئۆروپا پێداگری کرد کە ڕێکخراوی سیا بۆ گواستنەوەی زیندانییەکان چند جار لە فرۆکەکانی ئۆروپا فرۆکەکان نیشتۆتەوە و هەستاوەتەوە، فراکسیۆنی شۆسیالیستەکانی پارلمانی ئۆروپا خوازیاری پێکهێنانی کۆمۆسیۆنێکی پارلمانی بۆ لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە بووە.

## ئەفغانستان:

لە حاڵێکدا کە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی هەروا لەژێر کۆنترۆڵی نیزامی دایە، نەتەنیا وەزعییەت و بارودۆخی خەڵك رووی لە باشی نەناوە، بەڵکوو خراپتریش بووە. بەپێی راپۆرتی هەواڵنێری "دەنگی ئەفغان" و لە زمان عەبدوڵڵا فەهیم وتەبێژی وەزارەتی بێهداشتی ئفغانستان، هەر رۆژە 700 کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە بەهۆی کەمبوونی ئیمکاناتی بێهداشتی گیانیان لەدەست دەدەن. بە وتەی فەهیم لە هەر ڕۆژدا 50 تا 70 ژن لە کاتی منداڵبوونیاندا گیانیان لەدەست دەدەن و لە هەر 1000 منداڵی ئەفغانیش 275 منداڵ بەر لە گەیشتن بە تەمەنی 5 ساڵان، دەمرن.

## عێراق:

ژمارەی قوربانییەکانی شەڕ لە عێراق هەموو رۆژێك دەچێتە سەرێ. ئامارە رەسمییەکانی ئامریکا (پێنتاگۆن)، نیشاندەدات کە ژمارەی قوبانییە غەیرە نیزامییەکان لە مانگی سێپتامبری 2005، زیاتر لە هەر کاتێکی‌تری دو ساڵی رابردوو بووە. بەپێی ئەو ئامارە لە مانگی سیپتامبری 2005دا رۆژانە بەشێوەی نێونجی 64 غەیرە نیزامی عێراقی کوژراون، لە حاڵێکدا کە ئەو رەقەمە لە سەرەتای ساڵێ 2004، رۆژانە 26 کەس بووە. زۆربەی ئەو کەسانە بەهۆی هێرشە ئینتحاری و بۆمبدانانەکان گیانیان لەدەست داوە.

ئامریکا لە وەدرۆخستنەوەی سەرەتای ئەمساڵدا لە مانگی نۆوامبر ئەوەی قبوڵکرد کە لە فۆسفۆڕی سپی وەکوو چەك لە فەللوجە کەڵکی وەرگرتووە. لە هێرشی ئەرتەشی ئامریکا لە نۆوامبری 2004بۆ فەللوجە کە دەوترا پایەکانی راپەڕیوە سوننی مەزهەبییەکانی لێیە، زیاتر لە 300 هەزار کەس لە دانیشتووانی ئەو شارە کۆچییان کردو بەدوای ئەو هێرشانەشدا زۆرێك لە ساختمانەکانی ئەوشارە وێران کران. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی فەللوجە گیانیان لەدەست دا. فۆسفۆڕی سپی گڕدەگرێت و کاتێك لەگەڵ ئۆکسیژێن وێك بکەوێت، دەسوتێت. ئەگەر ئەو ماددەیە وەلەشی کەسێك بکەوێت، ئەوەندە دەسوتێت تا ئۆکسیژێنەکەی تەواو کات. پرۆفسۆر پۆل ڕاجێرز لە دێپارتمانی ڵیکۆڵینەوەکانی ئاشتی لە دانیشگای برادفۆرد وتوویەتی، فۆسفۆری سپی ئەگەر بەئانقەست و بە عەمد لە دژی غەیرە نیزامییەکان بەکار ببرێت، دەتوانێ بە چەکی شیمیایی بێتە ئەژمار.

هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران: بۆ یەکەجار شانۆی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران کێشرایە دەوری دووهەم. لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردن، ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی سەرکۆماری پێشوو و مەحموودی ئەحمەدی‌نژاد لە هەڵسووڕاوانی دانیشجووەکانی پەیڕەوی خەتی ئیمام و رێکخراوە ئیتلاعاتییەکان لەدەوری دووهەمی هەڵبژاردنەکان رەقیبی یەکتر بوون. سەرەنجام ئەحمەدی نژاد کرابە سەرکۆمار. تا ئێستا لانیکەم دووجار کۆمەڵگا نێونەتەوەییەکان، سەوانە رێکخراوی نەتەویەکگرتووەکان و یەکیەتی ئۆروپا و..... لەبەرانبەر هەڵوێستگرتنەکانی ئەحمەدی‌نژاد بە تایبەت قسە فاشیستییەکانی ئەو سەبارەت بەسرینەوەی ئیسیرائیلیان مەحکوم کردووە. هەروەها لە چەندمانگی ربردوودا ترساندن و تۆقاندن و ئێعدام و ئەشکەنجە، تەبلیغاتی خوڕافی ئیسلامی وگوشار لەدژی ژنانیان لەچاو رابردوو زیاتر کردووە. دەوترێ کە زۆرێك لە سەرمایە ئێرانییەکان لەو وڵاتە چوونەتە دەرێ و بەرەو وڵاتانی دەوروبەری کەنداوی فارس گواستراونەتەوە. بەو پێیە ئەحمەدی نژاد بەو سیاسەتانەی کە گەتوویەتە پێشێ، بواری ئەگەری هێرشی نیزامی ئامریکا و ئیسرائیلی بۆ ئێران لەبار کردووە و رۆژلەدوای رۆژ زیاتر خەڵکی ئەو وڵاتەی خستۆتە بەردەم نیگەرانی.

بەیانییەی بروکسێل سەربارەت بە پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران:

وەزیرەکانی کاروباری دەرەوەی یەکیەتی ئۆروپا لە بەیانێك دا کەرۆژی دوشەممە 12ی دێسامبری 2005 لە بروکسێل پەسەندیان کرد، بەدەربڕینی نیگەرانی لە وەزعییەتی ماف مرۆڤ لە ئێران رایانگەیاند کە لەبەرچاوگرتنی ماف مرۆڤ گرینگییەکی بنەڕەتی بۆ باشتر بوونی پێوەندییەکانی ئۆروپا لەگەڵ ئێران دەبێت.

بوومەلەرزەی ئۆقیانوسی هێند:

بوومەلەرزەی ئۆقیانوسی هێند سەدان کوژراوی لێ کەوتەوە. ئەو بوومەلەرزەیە کە 8/7 پلە بە پێی ریشتێر راپورت درا، لە بەرەبەیانی رۆژی سیشەممە 29ی مارس 2005 لە شوێنێکی نزیك ناوەندی روودانی بوومەلەرزەی قورسی مانگی مارسی ساڵی رابردوو ڕووی دا و بووە هۆی ئەوە کە هەزاران کەس لە دانیشتوانی

ناوچە ساحێلییەکانی ئەندۆنێزی، مالێزی، تایلەند و هێند و لەترسی هێرشی شەپۆلەکانی دەریا بەرەو ناوچە بەرزەکان هەڵێن. ئەو بوومەلەرزەیە نەبووە سۆنامی، بەڵام راپۆریت دراوە کە لە دورگەی نیاس لە ئەندۆنێزی لانیکەم 300 کەس بەهۆی رووخانی ساختمانەکان گیانی خۆیان لەدەست دا. 80 لەسەدی ماڵەکان لە شاری کۆنۆنگستیۆلی لە دورگەی نیاس ویران بوون و سەدان کەس لە دانیشتووانی لەژێر دراوپەردووەکاندات نێژران. بوومەلەرزەکەی ئەم دواییانە چەندبەرابەر لاوازتر لەو بوومەلەرزەیە بووە کە لە 26ی دێسامبری 2004 دا لە نزیک سوماترا لە ئەندۆنێزی رووی‌دا و بووە هۆی سەرهەڵدانی سۆنامی.

سۆنامی 26ی دێسامبری 2004 لە وڵاتانی ناوچەی ئەندۆنێزی، سەیلانکا، هێند، و تایلەند، مالدیو، مالێزی، میانمار، بەنگلادێش، سۆمالی، تانزانیا و یێسکنیا، گیانی زیاتر لە 294 هەزار کەسی گرت.

## بوومەلەرزەی پاکستان:

لە بوومەلەرزەی 16ی پووشپەری پاکستاندا، زیاتر لە 87 هەزار کەس گیانیان لەدەست دا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێشتا یارمەتی پێویست بە خەساردیتوەکانی ئەو بوومەلەرزەیمە نەگەیشتووە، ئاوی خواردنەوە لە بەردەستدا نییە، نەخۆشخانە بۆ تیمارکردن نییە و خوردوخۆراك بۆ زستان زۆرکەم وەدەست دەکەوێ. لەو بوومەلەرزەمیەدا هەزاران کەس لە خەڵکی باکووری پاکستان برێندار بوون و زیاتر لە 4 میلیون کەسیش ئاوارە کران.

سندووقی پیشتیوانی لە منداڵانی رێکخراوی نەتەویەکان (یۆنیسێف) چەند رۆژ لەدوای روودانی بوومەلەرزە، بەدەرکردنی بەیانێك رایگەیاند کە دەیان هەزار منداڵ لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی پاکستان لەگەڵ مەترسی مەرگ بەرەوەڕوون. لە بەیانەکەی یونیسێف دا هاتووە: لە حاڵی حازر 120هەزار منداڵ لە کێوەکانی کشمیری ژێر کۆنترۆلی پاکستاندا ئاوارەن و ئەگەر پێویستییە غەزایی و دەرمانییەکانیان دابین نەکرێت، لەماوەی چەند حەوتووی داهاتوودا نزیکەی 10 هەزار منداڵ لە ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان گیانیان لەدەست دەدەن.

لەم دواییانەدا سەلیبی سووری جیهانی هوشداری داوە کە نزیك بە سێ‌میلیۆن کەس بێ خانەولانە لە ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکاندا دەژین و زۆرخێرا پێویستیان بە یارمەتی هەیە. ئەو رێکخراوە جیهانییە رایگەیاندووە کە گرینگترین کردەوە لە حاڵی حازردا، دابین کردنی چادرە بۆ  ئەوەیکە بتوانن لە بەرامبەر سەرمای زستاندا خۆڕابگرن.

## تۆفانی کاتدینا لە ئامریکا:

بە پێی ڕاپورتی هەواڵنێرییەکان و لەزمان شارەداری شاری "نیوئۆرلێئان"ی ئامریکا، نزیکەی 10ی هەزار کەس لە خەڵکی ئەوشارە بەهۆی تۆفانی "کاتونیا" لە 23ی ئوت دا گیانیان لەدەست داوە. هەروەها نزیکەی 400 هەزار کەس لە خەڵکی ئەوشارەش ئاوارە بوون و لە شوێنە کاتییەکان لە باقی شوێنەکانی ئامریکادا نیشتەجێ بوون.

سندووقی پشتیوانی لە منداڵانی رێکخراوی نەتەوەکان (یۆنیسێف)، ژمارەی منداڵە بێ‌سەروشوێنەکانی ئەو ڕوودواوەی، 220 کەس راگەیاندووە.

وێڕای ئەوەیکە دەیان هەزار منداڵیش بەدوای دایك وباوکیان دا ئاوارە بوون.

کەوتنەخوارێی فرۆکە لە ئێران: سەعات 10 و 40 دەقەی رۆژی سێشەممە 15ی سەرماوەزی 1384، فڕۆکەیەکی مسافرهەڵگری "c_130" کەهی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بوو وێڕای ئەوەیکە بە 68 عەککاس و

هەواڵنێرەوە دەیهەویست بەرەو چابەهار لە باشووری ئێران بڕوات، لە شارۆچکەی تەوحید لە باشووری فرگەی نێونەتەوەیی مێهرئاباد هەڵکەوتوو لە رۆژئاوای تاران کەوتە خوارێ. لەو ڕووداوەدا 110 کەس بریتی لە 68 هەواڵنێر و عەککاس و 10 خزمەتکاری فرۆکەکە و 32 پێرشۆنێلی ئەرەتەش کوژارن. هەروەها 23 کەسی تریش کە زۆربەیان لە دانیشتووانی شارۆچکەی تەوحیدن، برێندار بوون. دەوترێ کە سەرەڕای ئەویەکە فرۆکەکە نەقسی فەننی بووە، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەبێ سەرەنجدان بەو نەقسە، خەلەبانیان وادار کردووە کە فڕۆکەکە هەڵفڕێنێ.

–چەند نارەزایەتی گرینگی جیهانی–

ڕاپەڕینی حاشیەنشینەکانی فەڕانسە: ڕاپەڕینی حاشیەنشینەکانی فەڕانسە یەکێك لە گرینگترین نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ساڵی 2005ی جیهان بوو. ناڕەزایەتییەکانی پاریس لە 27ی ئۆکتۆبرەوە لە حاڵێکدا دەستی پێکرد کە سێ‌لا بەهۆی وەدواکەوتنی پۆلیس لە سیمە 3 میترییەکانی دەوروبەری وێستگەیەکی ترانسفۆرماتۆری برق لە گەڕەکی "کیشی شێن بوا" دەچنە سەرێ، دوو کەسیان بە نێوەکانی "بۆنا" 15ساڵ تەمەن و "زید" 17 ساڵ تەتمەن، دەست بەجێ دەمرن، بەڵام "مەتێن" دەگوزرێتەوە بۆ بیمارستان. شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان لە ماوەیەکی کورتدا 300 شاری سەراسەری فەڕانسەی داگرت.

بەپێی سەسەندکراوەکانی لیژنەی دەوڵەت، مەقامە خۆجێییەکان لەو ناوچانەی کە ناڕەزایەتییەکان لە ئارادایە، بۆ کۆتایی هێنان بە نائارامییەکان بڕیاری نەهێشتنی هات وچۆیان ڕاگەیاند. پەسەندکراوەکەی لیژنەی دەوڵەت هەروەها دەستی پۆلیسی ئاواڵا دێڵێتەوە تا بۆ هەر شوێنێکی کە بیانهوێ بتوانن بچنە ژوورێ و بیپشکنن.

دەوترێ کە نزیکەی 8000 مەئموری پۆلیسی تەواو تەیار و بە هێلی کۆپتێر و باقی ئامرازە نیزامییەکانی دژی شۆڕش، لە ناوچە فەقیرنشینەکانی پاریس دا جێگربوون. بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، سەدان کەس لە نارازییان دەستگیر کراون یان بەهۆی هێرشی پۆلیس بریندار بوون.

"خۆزێ مانوئێل باراسو" سەرۆکی کۆمۆسیۆنی یەکیەتی ئۆرووپا وتی: "ئەو یەکیەتییە ئامادەیە کە هەتا بری یەك میلیارد یۆرۆ بۆ پێکهێنانی شوغڵ و یارمەتیگەیاندن بە یەکیەتی کۆمەڵایەتی بە فەڕانسە یارمەتی بگەیەنێ". سەرۆکی کۆمۆسیۆنی ئۆرووپا لە وت ووێژێکی ڕادیۆیی‌دا لەگەڵ شەبەکەیەکی ڕادیۆیی ئۆرووپا وتی کە ئیشتغاڵی لاوان کێشەی سەرەکییە. "باشترین سیاسەتی کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی ئیشتغاڵە. کاتێك ئێوە 60 لەسەدی لاوانتان لە دەوروبەری شارەکان بێکار بن کێشەی لێ دەخولقێ". ئاغای ڕاسۆ وتی: ئاڵۆزییەکانی فەڕانسە گرفتێکی فەڕانسەییەکان نییە، بەڵکوو کێشەیەکی ئۆرووپاییە.

خۆپیشاندانی میلیۆنی لەدژی شەڕ لە شارە جۆراوجۆرەکانی جیهان:

بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵەکان، ڕۆژی شەممە 29ی ڕەشەمە بە بۆنەی دووهەمین ساڵوەگەڕی هێرشی نیزامی ئامریکا بۆ عێراق چەند خۆپیشاندانێکی بەربڵاو لە شارە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا بەرێوە چوو.

خۆپیشاندانی یەك میلیۆنی کەسی بۆ دیفاع لە ژینگە:

بەپێی ڕاپۆتە هەواڵەکان ڕۆژی شەممە 12ی سەرماوەز، زیاتر لە یەك میلیۆن کەس لە 30 شاری جیهان بۆ دیفاع لە ژینگە دەستیان دایە خۆپیشاندان. ئەو خۆپیشاندانە نێونەتەوەییە لە نارەزایەتی بە پابەندبوونی دەوڵەتی سەنعەتییەکان لەمەڕ لە بەر چاو نەگرتنی بارودۆخی ژینگە بەرێوە چوو. خۆپیشاندانەکە لە لایەن چەند ناوەندێکی نێونەتەوەیی پارێزەری ژینگەوە سازمان درابوو.

## دەنگی "نا"ی فەڕانسەیی و هۆلەندییەکان بە یاسای بنەڕەتی یەکیەتی ئۆروپا:

بەپێی دەرەنجامەکانی راپرسی لە فەڕانسە کە وەزارەتی وڵاتی فەڕانسە بڵاوی کردۆتەوە، دەنگی "نا" لەو ڕاپرسییەدا 54/8 لەسەدی دەنگەکان بۆ خۆی تەرخانکردووە. بەپێی راپۆتەکان، رۆژی چوارشەممە یەکی ژۆیەنی 2005 لانیکەم 62/3 لەسەدی دەنگدەرە هۆلەندییەکان، دەنگی "نا" یان بە یاسای بنەڕەتی یەکیەتی ئۆروپا داوە. بەم پێیە هۆلەند دووهەمین وڵاتی یەکیەتی ئۆروپایە کە دەنگی مەنفی بەیاسای بنەڕەتی ئەو یەکیەتییە دەدات. دەنگە مەنفی‌یەکانی فەڕانسەیی و هۆلەندییەکان دەتوانێ چارەنووسی ئەو یاسایە بگۆڕێ، چوونکە هەر 25 وڵاتی ئەندام لە یەکیەتی ئۆروپا دەبێ تەئیدی بکەن. لە کۆی 25 وڵاتی ئەندامی یەکیەتی ئۆروپا، تاییستا 9 وڵات ئەو یاسا بنەڕەتییەیان پەسند کردووە. ئاڵمان، ئۆتریش، یونان، مەجارستان، ئیتالیا، لیتوانی، ئیسلۆواکی، ئیسلۆوێنی‌و ئیسپانیا.

مانگرتنی گشتی خەڵکی کوردستانی ئێران بە بانگەوازی کۆمەڵە: بانگەوازی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لە کوردستان لە رێکەوتی 11ی کەلاوێژی 1384دا بڵاو بۆوە. لەیەکێك لەو راگەیاندنەدا هاتووە: "خەڵکی خەباتکاری کوردستان! ئێستا ماوەی زیاتر لە 3 حەوتووە کە شارەکانی کوردستان بۆتە مەیدانی نارەزایەتی و رووبەڕووبوونەوەی جەماوەری خەڵك و رژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەو حەرەکەتە شۆڕشگێرانەیە بە دوای هێرشی دڕندانەی هێزەکانی رژیم بۆ سەر کۆمەڵێك لە لاوانی شاری مهاباد، ئەشکەنجەی وەحشییانە و ئێعدامکردنی یەکێك لە لاوە پڕ گڕوتینەکانی ئەو شارە دستی پێکرد... هەر بەم بۆنەیەوە کۆمەڵە بانگەوازی هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکات تا لە رۆژی یەکشەممە 16ی گەلاوێژدا بە گشتنی مانبگرن... رۆژی 16 گەلاوێژ، تەواوی شارەکانی کوردستان حاڵەتی تەعتیلی بەخۆیەوە گرت. کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە بەیانییەی سەرکەوتنی شکۆداری مانگرتنی گشتی 16ی گەلاوێژ لەوانە نووسی: 16 گەلاوێژ بە مانگرتنی گشتی یەکپارچە و بە شکۆی خەڵکی ئازادیخواز بە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان پەیوەست بوو.........

بەو هیوایەی کە لە ساڵی 2006دا ئاڵ و گۆڕە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەکان بە قازانجی مرۆڤایەتی‌لا تواو بێت و سەرەتایەك بێت بۆ کۆتایی هێنان بە هەر جۆرە هەڵاواردن، زوڵم و ستەم، بێ‌عەداڵەتی و بێ‌بەشییە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و سەرکوت و ئێعدام و چەوساندنەوە لە ئێران و جیهان.

14ی دێسامبری 2005